# پشتیوانی له پێشنیاری " به فەرمی کردنی کرمانجیی خواروو" هەڵەیەکی گەورە و کارەساتێکی نەتەوایەتییە



**پشتیوانی له پێشنیاری " به فەرمی کردنی کرمانجیی خواروو" هەڵەیەکی گەورە و کارەساتێکی نەتەوایەتییە**

**ئەنوەر سوڵتانی – لەندەن**

به هۆی نەخۆشی و لەش ناساخییەوە توانای تاوتوێ کردن و هەڵسەنگاندنی بە ڕێ و جێی پێشنیارەکەی دوکتور ئەمیر و ئەو خەڵکانەی دیکەم نییە کە بۆیان لە مل داوە، بەڵام بە کورتی دەبێژم ئەوە تەنیا شتێک بووە کە لە مامۆستا ئەمیر وەک دڵسۆزی گەل و نیشتمانە دابەشکراوەکەی چاوەڕوان دەکرا. بۆچی؟

**1**. ئەوە غەدرێکی گەورەیە لە زیاد لە سێ لە چواری گەلەکەمان کە لە هەموو پارچەکانی وڵاتدا دەژین و بە کرمانجیی خواروو نادوێن. سەروەری و پێشکەوتی زاراوەی کرمانجیی خواروو بەشێکی لە ئەنجامی سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا دا هاتە گونجان کە لە ماوەی 80 ساڵی ڕابوردوو دا وەک بەشێک لە دژایەتی و دوژمنایەتی کردنی گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری تورکیا دا هەوڵی ویشک کردنی سەرچاوە و بناژۆ کردنی ئەو زمان و زاراوەیەی داوە کە کوردی ناو وڵاتەکە پێی دەئاخفن. دوەری تورکیا لەوە دا بەرچاو بوو کە زاراوەی سەرەکی ڕادیۆی کوردی بەغدا ببێتە کرمانجیی خواروو بۆ ئەوەی کوردی تورکیا کەمتر خووی پێ بگرن و گوێی بدەنێ. هەر وەها سیاسەتی تورکیا پشتگیریی هەمیشەیی کردووە لە زەوق بوونەوەی کرمانجیی خواروو لەو شوێنانەدا کە نەیتوانیبێت زمانەکە بە گشتی و بە هەموو زاراوەکانیەوە تونا بکات. هیچ مەنتیقێکی سەلیمی سیاسی ناتوانێ پەسندی ئەوە بکات کە زیاد لە سێ لە چواری خەڵکێک بکەونە شوێن کەمایەسییەکی دیاریکراو ئەویش لە بارودۆخی وەک بارودۆخی کورد و دابڕاویی خەڵک و فراوان بوونەوەی ڕۆژ بە ڕۆژی کەلەبەری نێوان پارچەکان دا.

**2**. ئەوە، بە فەرمی کردنی جیاوازی و دابڕاویی پارچەیەکی پچووک بەڵام گرنگ و چالاکی وڵات _ واتە ناوچەی ئاخێوەران بە زاراوەی کرمانجیی خواروو،ە لە بەژنی سەرەکی وڵاتێک کە کوردستان بێت.

**3**.لەناوبردنی هیوای لە مێژینەی گەلی کوردە بۆ وەدی هێنانی ئاواتی پێک هاتنی زمانی یەکگرتوو لە بارودۆخی گونجاوی دواڕۆژ دا.

**4**. مۆری پەسندە لە سەر دابەشبوون و لێک دابڕانی پارچەکانی کوردستان و بێ حورمەتی کردنە بە ڕۆڵەکانی گەلی کورد کە بە زاراوەکانی دیکە دەئاخفن. ئاخێوەرانی کرمانجیی

ژووروو،دیملی،هەورامی و کەلهوری هەرگیز ئیمە بۆ ئەو هەڵە گەورە مێژووییە نابەخشن و یەکپارچەیی وڵات کە هەرئیستا گەلێک لاواز و لەرزۆکە، لێدانێکی نوێ و کاریگەری لێدەدرێت بەڵام ئەمجارە بە دەستی دوژمن و داگیرکەر نا، بە دەستی خۆیی.

**5.**ئەم کارە، هیوای ئەوە لە ناو دەبات کە لە دوارۆژ دا ئەلف و بێی لاتینی _ کە بە گشتی بەستراوەی زاراوەی کرمانجی ژووروەوە، ببێتە ئەلف و بێی فەرمی هەموو وڵات و کوردی هەموو پارچەکان لە پیتی کۆن و ناتەواو و نائەمڕۆیی عەرەبی ڕزگاریان بێت.

**6.**ئەم کارە، واتە پشت گوێ خستنی زاراوەیەکی هەمەگیر و دەوڵەمەند بە ملیۆنەها ئاخێوەریەوە، عەین و بیلا وەک کاری داگیرکەرانی وڵاتەکامان و بۆ نموونە، ڕەزا شایە _ کە بە ناوی یەکگرتوویی خەڵک و یەکپارچەیی خاکەوە زمانێکیان بە زۆرە ملی کردە حاکم و سەرۆک و زمانەکانی تر _ یەک لەوان کوردی،یان کردە کلفەت و کەنیزی ئەو.

**7.** ئەم کارە دژ بە هەموو ئەسڵێکی دیمۆکراسی و بەندەکانی جاڕی جیهانی مافی مرۆڤە کە ژمارەیەکی کەم لە خەڵک بە بێ پرس و مەسلەحەت و ڕیفراندۆم و دەنگدان، بڕیار لە سەر پەراوێزکردنی زمانی ملیۆنان خەڵک بدەن و بە گوێرەی خواستی خۆیان ببڕن و بدروون و ناوی بنێن خزمەت و خەمخۆری و دڵسۆزی.

**8.** ئەم پێشنیارە تەنیا لە هەل و مەرجی دوورە وڵات بوون و دابڕان لە خەڵک هاتۆتە گونجان. هیچ عەقڵێکی سەلیم لە بارودۆخی کرژی ئێستای نێوان پارچەکانی کوردستان و بە تایبەت لە باشوور _ کە شوێنەواری ناحەزی ساڵانی شەڕی ناوخۆیی ئێستاش بەرچاوە،پێشنیارێکی ئەوتۆ ناکات و ژێر داوخوازییەکی ئەوتۆ مۆر ناکات. با خاوەن ئیمزاکانی ئەو پێشنیارە کرچ و کاڵە ئاوڕێک لەو کەش و هەوایە بدەنەوە و بە خۆیاندا بچنەوە.

**9.**پێشنیارەکە، نە بە مەنتیقی ئینسانی و نە بە مەنتیقی سیاسی لە شوێنی خۆیدا نییە و هیچ بنەمایەک بۆ پەسند و وەرگیرانی لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە بەچاو ناکرێت، هەر بۆیەش وەک بەیاننامەیەکی هەڵەی سیاسی پێش لە دایکبوون دەمرێت، بەڵام شوێنەواری نەرێ یی خۆی لە سەر یەکگرتوویی و یەکپارچەیی کۆمەڵانی گەلەکەمان دادەنێت، ئەوەش داخێکی گەورەیە کە ژمارەیەک لە ڕووناکبیر و خوێندەوارانی گەلەکەمان دەورێکی ئەوتۆ ببینن و ببنە هۆرە و بە بەژنی لاوازی یەکپارچەیی گەلدا بچنە خوارەوە.

**10.** پێشنیارەکە لە بارەی زمانەوانیشەوە ناتەواوە. جووت ستاندارد بوونی زمانێک دەرەتان بە تاقە کەس یا کۆمەڵێکی 50 کەسی نادات یەک لایەنە و بێ سێ و دوو،زاراوەیەک بکەنە پەراوێزی ئەویتر و بوودجە و دەرفەت و دەرەتانی فەرمی و حکوومی بخەنە خزمەت یەکیانەوە _ ئەویش زاراوەیەک کە کەماتەسییەکی گەلێک کەم پێی دەدوێن لە بەرانبەر زۆرایەتیەکی هەراو و بەرچاو و لە هەموو پارچەکانی وڵاتدا.

لە کۆتاییدا با ئەم شێعرەی هەژار دووپات بکەمەوە کە دەڵێی هەر بۆ ئەم باسەی گوتوە:

"... هەرکەس کە دەخوێنێ پیت و نیوێک
ئەو دەچێتە کەلێک و گەل لە شیوێک ..."

**2/5/08**

لەندەن

سەرچاوە وێبلاگی ڕوانگە: http://ruwange.blogspot.com/